# بریا لەم شارە دا شاعێرێک پەیدا ئەبوو

سیروان حە نیفی
sirwan_e@yahoo.se



ئە م شارە
شارێکە دە مباتە وە ئە و پە ڕی بێهۆدە یی
بیابانە کانی تە مە نم لا زیندو ئە کاتە وە
دە مباتە وە باوە شی مە رگ
لای پە ژموردە یی باخچە کانی پێش شە یدا بوون
پێش عاشق بون
ئە و دە مانە ی ئێستا نیە ، ئێستا نە بوو
پێش پاکیە کانی فۆروغ
پێش سە داقە تی سۆهراب
زۆر پێشتر لە ڕۆیشتن بۆ ژێر باران
.........
فۆروغیش لە ئاوە ها شارێک ماندوو بوو
لە ئاوە ها شارێک ئە ترسا
بۆیە هاواری ئە بردە لای پاکیە کانی خۆی
لای لێوە کانی خۆی
لای چاوە کانی خۆی و لە گە ڵ فرمێسکیدا هە ستی ژنانە ی خۆی
بە ش ئە کرد
سۆهرابیش لە ئا وە ها خە ڵکێک وە ڕە ز بو
لە ئاوە ها شارێک تووڕە
بۆیە شێعر ە کانیشی ئە بردە ژێر باران
بۆیە وشە کانیشی
ئاوێنە کە شی ئە هێنا ژێر باران
تاکو هە موو یان پاک کاتە وە
سە داقە تیان لە بە ر کات
پاش ئە م غۆسڵە
پاش ئە م تێپە ڕبوونە لە شە قامە کانی شار، ئاوە ها شارێک
زۆر ئاسایی بوو ژیان لە باوە شی کتێبە کانیدا
لانی کە م چیدی کتێب خانە کە ی خۆی ئازاری نە ئە دا
.................
منیش ئا لە وە ها شارێک زنجیر کراوم

که س برِ وا به ناڵه ناڵم ناکات
ئه گه ر بمزانیبا له م شاره دا
جیابو نه وه ش  مارشی خۆی هه یه
دابڕانیش ماچ و باوه شی خۆی هه یه
قه د ئا له م شاره دا له دایک نه ده بووم
قه د له م شاره دا ماچم نه ده کرد
قه د له م شاره دا عاشق نه ده بووم
ئاخ که من له سواره ش وه ڕه زترم له شار
له شارێک که دابڕان له سیگار داگیرسانێک ئاسانتره
که خۆ کوشتن له په یک هه ڵدانێک ساده تر
ئاخ ئه گه ر
بمزانیبا مه ودای نێوان شار و به ره هووت هێنده ته سکه
هیچ گوڵێکم ئاو نه ئه دا
هیچ مۆسیقائێکم گوێ نه ئه گرت
ته نانه ت خۆمم فێری سڵاو کردن نه ئه کرد
چۆن لێره دا پێش سڵاو ماڵ ئاوایی باوه
که سێک دوو سێ جارئیمزای نامه کانی نه گۆڕابێ نایخوێنێته وه
که سێک چه ند جار ماچه کانی نه گۆڕیبێ خۆی له گه ڵ مه رگا
هاوڕێ ده زانێ
ئاخ له م شاره یا چه ند مشووری باڵنده کانمه
چه ند مشووری کانیه کانمه
چه ند مشووری دارێستانه کانمه
که مرۆڤه کان به هیوای خۆیان گاڵته یان پێ ئه که ن
به حه زی خۆیان هه رزان فرۆشیان ئه که ن
ئاخ چه نده نامۆم به م شاره
چه ند بێ گانه م له م هه موو حه شیمه ته ی
ده مبه نه وه لای بێهۆده ئیه کان
لای شه وانی پێش عاشق بوون
لای گۆڕستانه کان
..................
شاره که م
تۆ له هه موو که س بێگانه تری لام
ڕۆژه کانت تا مه زرۆی گه ڕانه وه ی خه نده ی په نجه ره کانن
چاوه ڕوانی خۆره تاوی تۆراوی کۆچ کردوو

شه وه كانت چاو لێک نانێن
تا ئه و ده مه ی مانگه شه وی دایکی ئه ستێره كان
سه ر ده خه نه سه ر ئاسمانی بێگه ردی داهاتوو
خۆ من شێت نیم له شار و شه قام و كۆڵانی دڵ پڕ خوێن بم
من عاشقانه مرۆڤه كانم خۆش ده ویست
شه یدای باڵای داره كان بووم
ئه و دارانه ی
له گه ڵ خۆیان ئه مانیان برده وه لای چاوبازیه كانی زنده گی
لای عه شقی په پوله كان
لای سه مای سمۆره كان
له دڵی ڕێبواره كانی تێپه ڕیو له په نامان
شادی بوو چرۆی ئه كرد
عه شقی شێتانه ی ژن و پیاوێكی نه ناسراوی نێو تاریكی
ده بوو به سه ر دێڕی یه كه م چیرۆكیان
كه گه ڕانه وه لای سه گ و پشیله و خۆشه ویستاكانیان
من پاكانه شارم خۆش ده ویست
هه ر له م شاره دا بوو
جارێكی تر چاوم به ژیان هه ڵ هێنا
جارێكی تر ماچم له گه ڵ خۆما ئه برده وه بۆ ئاوێنه كه م
هێشتا تێ ناگه م بۆ مه ودای نێوان عه شق و نه فره ت ئه وه نده باریكه
بریا له م شاره دا شاعیرێک په یدا ئه بوو
دانه دانه شێعره كانمی به نێو چاوانمدا بدای و
به سه رمدا بیقیژاندای
با چیدی زه می شارو شێواوی مرۆڤه كانیم نه كردبای
شار وای لێكردم خۆم له خۆم تووڕه بم
ده نک ده نک نامه كانم بسوتێنم
شار فێری كردم
په ژیوان ببمه وه له و سۆجدانه ی له ژێر دار سنه وبه ره كه ی كۆڵان
بۆ ته نیاترین ژنی شارم ده برد
شار ڕێگای پێ دام
چه پک چه پک بیره وه ریه كانم ده ر بێنم و له سه ندووقێكا بیشارمه وه
سه ندووقه كه ش له گۆڕستانی شار بخه مه چاڵ و
یه كه م مۆم و ئاخرین مۆمیش له سه ر سینگی ئه م تاقانه قه بره م داگیرسێنم
من هێشتا شه یدا بووم

**ئه و ڕۆژانه ی به ڵێنیم دا چیدی شارم خۆش نه وێت**
**من هێشتا عاشق بووم**
**ئه و شه وانه ی نه ده خه وتم**
**با چیدی خه ون به شارو نهنیه کانی نێو سه ندووقه که وه نه بینم**
**............**
**.....**
**شار**
**ئه ی جه لادی بزه کانم**
**تۆ کاره ساتێکی دزێوی**
**رۆحت لێ ئه نفال کردم**
**بڕواکانمت برده به ر ده ستی ئاسنگه ری بازاڕ**
**به بێ من خوارێت کرد و**
**خێچت کرد و**
**ته نانه ت ڕه نگت گۆڕی**
**چیت ویست کردت**
**به ڵام پێت بڵێم هه رگیزاو هه رگیز ناتوانی دڵم داگیر بکه ی**
**من هه ر ده ڕۆم و شێعر ئه نووسم**
**ده ریاێک گۆرانی له دڵمایه**
**هه ر به پێوه م**
**هه ر به ڕێوه م**
**هه ر به پێوه م**
**............**
**.......**
**...**

2007.02.25
**هۆدیکسڤاڵ**